## خەتاب سابیر لەوەڵامی پرسیاری " دەنگەکان " دا

**دەنگەکان** : پاش ئەم گۆڕانکارییە سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییانەی لە ماوەی ئەم سەدەو نیوەدا بەسەر مرۆڤایەتی هاتووە ، ئاسۆیەکی تر ، گەڕانەوەیەکی تر، بۆ مارکسیزم چۆن دەبینیتەوە ؟؟

**خەتاب سابیر:**

گۆڕانکارییە سیاسیی و ئابوریی و زانستیی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی کارل مارکسەوە ، تا ئێستا ئەوەندە زۆرو تیژن کە مرۆڤایەتی بەهەموو مێژووی تۆمارکراوی خۆی شتی وای بەخۆیەوە نەبینیوە، بە تایبەت لە ماوەی بیست سی ساڵی ڕابردوودا دنیای کۆمۆیونیکەیشن ( communication ) و مایکرۆسۆفت و کۆمپانیای سۆفتوێرەکان و زانستی بایۆلۆژیی و تێکەڵبوونی پشکی کۆمپانیا گەورەکان ( cooperation ) و گلۆبالیزەیشن بەهەموو مەودا بازرگانیی و مۆراڵیی و سیاسییەکانییەوە ...مرۆڤایەتیی و ژیانی تاک تاکی مرۆڤی گەیاندووەتە ئاستێکی سەرسوڕهێنەر و هاوکات سامناک بۆ بەشێکی زۆریی و دڵخۆشیش بۆ ئەوانەی ، کە نەشئەو فەنتازیای حەزە هەمەجۆرەکانیانی تێدا سەوڵ دەدەن.

دنیای بیزنس و کەڵەکەکردنی سەرمایە ،سەرمایەداری سەیریی هێناوەتە ئاراوە کە دەتوانن چەندین وڵات بەخاک و ئاو و ئۆکسجینەکەشییەوە بکڕن،بەپێی سایتی **www.forbes.com/billionaires** ، بیل گەیت و وارێن بەفێت ،تەنها دوو مرۆڤن سامانەکەیان پێکەوە دەگاتە سەد بیلیۆن دۆلار( سەد هەزار ملیۆن دۆلار ) ،پیاوێکی هیندیی بەناوی لاکشمی میتال، دانیشتووی ئینگلیستانە، کە سێیەم دەوڵەمەندی دنیایە، بەیەک ساڵ سامانەکەی پتر لەچوار جار زیاتر بووە، کە ئێستا خاوەنی 25 بیلیۆن دۆلارە، توانای ماددی تەنها 691 مرۆڤ، دوو تریلیۆن و دوو سەد بیلیۆن دۆلار بێت،لەهەمان کاتیشدا پتر لە هەشت سەد ملیۆن مرۆڤ لە ئەفریکا و ئاسیادا ،برسیی بن.لەدنیادا 640 ملیۆن منداڵ داڵدەیەکی گونجاویان نەبێت بەپێی یونیسێف لەسەر هەلومەرجی منداڵان کە لە 9ی دێسەمبەری 2004 بڵاوی کردووەتەوە. http://www.unicefusa.org/site/pp.asp?c=duLRI8O0H&b=262152

گرفتەکە لێرەدایە، لەم دنیا جەنجاڵەدا، جگە لەدەنگی ڕیفۆرمیستەکان و ئەو کەسانەی کەخۆیان بەچەپ دەزانن لە ناوەندە دەوڵەتییەکاندا و هەندێ کەسی خاوەن مۆراڵی سیاسیی لە نێو سۆشیال دیموکراتەکانەوە ، دەنگێکی ئەوتۆی تر بۆ پێشگرتن بە هەرچی زیاتر گەورەبوونەوەی قڵشتی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران نییە. لەهەموو کولتووری مارکسیزم و بۆچوونی کۆمۆنیزمدا بێ دەربەستیی سیاسیی و ئەپستیمیکی ئیلتیزام بەو ڕادەیە نەبووە کە سەراپای لۆژیکی مارکسیستەکانی دنیای داگرتووە لە ئێستادا ، کۆمەڵێ کەسی میلیتانتی فیکریی و دابڕاو و گۆشەگیر نەبێ لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا ، کەسێکی تر ناوەندێکی تر ، باس تەنانەت لە ڕیاڵیست بوونی مارکسیزمیش ناکات، بەداخەوە مارکسیزم خەریکە دەبێتە بابەتێکی ئەکادیمیی و لە زانکۆکان و ناوەندە زانستییەکاندا دەخوێنرێ و خەریکە خۆیشی بداتە دەم لافاوی قەیرانی فیکریی و سیاسییەوە، نەک ئەوەی کە چارەسەری دەردێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بکات و قەیرانەکان چارەسەربکات .

لەڕووی سیاسیی و عەقڵانیی بوونەوە ، من پێم وایە چیتر مارکسیزمی کۆن ناتوانێت لەسەر تەنگژەکانی کۆمەڵ کار بکات،هەر ئایدۆلۆژیایەکیش نەتوانێت بەکردەوە ببێتە ئەڵتەرناتیڤی ڕکابەرەکەی کە بۆ مارکسیزم ،سەرمایەدارییە،تەنها قاچ لەتەنگژەکانی کۆمەڵ بساوێ و بگرە خۆیشی لەو تەنگژەیەدا تووشی عیللەتی تەنینەوەی تەنگژەی تر بێت ، حەتمەن کەموکوڕیی زۆری هەیە . لەماوەیەکی دوورو درێژی یەک سەدەو نیودا ،بەدڵنیاییەوە مارکسیزم وەزیفەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەوتۆی پێنەکراوە جگە لەکۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 ی ڕوسیا ،ئەو دوو شۆڕشەش لەچاو ئەو هەموو شەڕوشۆڕو هەڵشێلاندنانەی ژیانی مرۆڤدا لەسەرتاسەری

دنیادا شتێکی کەمە ، یان لای کەم شتێکی کەمی کرد، لێرەوەیە مارکسیزم بەو شێوە یۆتۆپیاییەی سەدەی هەژدەیەمەوە کارێکی پێناکرێت و ڕۆڵێکی ئەوتۆی بۆخۆی نەهێشتووەتەوە. چ مارکسیزمی کلاسیک و چ نیۆمارکسیزم ( neo Marxism ) , ناتوانێت گەشە بکات و تەنانەت ناتوانێ تەمەنی گرووپەکانی خۆیشی درێژە پێ بدات، ئەمە بەخۆداچوونەوەیەکی سیاسیی و فیکریی و مەعریفیی هەمەجۆریی دەوێت و توێژینەو نوژداریی وردو بایەخداریی دەوێ و کاری هەزاران کەسی پسپۆڕ و کەسی بەتوانایە و جێگای ئەم باسەی ئێمە نییە.

**دەنگەکان**: ئایا مارکسیزم ، بەهای تازەگەری خۆی لە دەست نەداوە ، ئەگەر لە دەستی نەداوە چۆن دەتوانێ حزووری خۆی ، گونجانی عەمەلی خۆی لە چەرخی بیست ویەکدا بسەلمێنێ ؟

**خەتاب سابیر :**

ئەم پرسیارە پرسیارێکی زۆر جوانەو پرسیارێکە مەغزای سیاسیی قووڵیی هەیە ، تەنانەت بۆ کەسێک خۆی بەچەپ بزانێ جەرائەتیی دەوێ پرسیارێکی لەم چەشنە بکات و دڕ بە دۆگماتیزم و ئایدیالبوونی ڕەوتێکی سیاسیی بدات کە سەدو ئەوەندە ساڵە مێشکی سەدان ملیۆن مرۆڤی داژەنیوە. من بەشێکی وەڵامی ئەم پرسیارەم لەوەڵامی پێشووتردا داوەتەوە، بەکورتیش لەمەدا دەمەوێ دەست بخەمە سەر چەند خاڵێکی گرنگ ، لەوانە:

1- مارکسیزم ، پێش ئەوەی هێڵێکی فیکریی سیاسیی ڕووت و قووت بێت ، فەلسەفەیەکی گشتگیریی چەرخی هەژدەیەمەو لە ناو تەپوتۆزی تێزە ئابوریی و سیاسییەکانی بسمارک و لاساڵەوە کەوتووەتە شیکردنەوەی مێژووی چینەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی و لەناو لیتاوی ماتریالیزمەکەی فۆیرباخیشەوە لێکدانەوەی فەلسەفیانەی بۆ زانست و ماددەو لێکدانەوەی دنیای ئایدیالیزم داتاشیوە، بەواتایەکی تر دەتوانم بڵێم مارکس ، پێش ئەوەی سیاسییەک بووبێت و باسکی بۆ گۆڕینی سیستەمی چینایەتی هەڵکردبێ، ئەو فەیلەسوفێکی بەسەلیقەو کۆسمۆپۆلیتانتێکی بەتوانا بووە. ناکرێ ڕۆڵی فێدریک ئەنگلز لە یارمەتیدان و بارهێنانی مارکسدا لەبەرچاو نەگیرێ.

2- مارکسیزمیش وەکو هەر زانستێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی تر ، لەشوێنێکدا دەست پێ دەکات و لەشوێنێکدا دەوەستێت، پێویستی بەداهێنانی نوێتر و دۆزینەوەی مەودای نوێتر هەیە، ناکرێ بە عەقڵییەتی چەرخی هەژدەوە ، بچی بەگژ دنیای تەکنەلۆژیا و گلۆبلیزەکراوی ئەمڕۆدا... مارکسیزم وەڵامێکی سەردەمێکی دیاریکراو بوو بۆ سیستەم و ڕۆژگارێکی دیاریکراو، لێرەدا بۆ چەپێکی ناشارەزاو دەفبەدەستێکی مارکسیستی ، یەکسەر بەوە وەڵامت دەداتەوە، دەڵێ سەرمایەداری هەر سەرمایەدارییەو گەشەی کردووە ، مەسەلە چینایەتییەکەش قووڵتربووەتەوە!... ئەم جۆرە کەسانە نایانەوێ لەو حەقیقەتە شیرینە بگەن،ئەگەر مارکسیزم زانستە ، ئەوا شتێکی ئەوتۆی پێ نەماوە بۆ شیکردنەوەکانی دنیای ئەمڕۆ، ئەگەر فەلسەفەیە ڕۆژگاری ڕیالیزم و مۆدێرنیزم دەمێکە بنەوباری خۆی پێچاوەتەوە و زۆر فەلسەفەی لەگەڵ خۆیدا ڕامالیی... ئەگەر فەنتازیاشە ئەوا بەم حاڵەی ئێستایەوە ناتوانێ لەشەرابی ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگاکان و شەپۆلی گلۆبالیزەیشن بخواتەوە.

3- یەکێک لەکارە بنچینەییەکانی کارل مارکس ، شەڕکردن بووە لە گەڵ ئایدیالیزمی باوی ئەو سەردەمەدا، ئەم پیاوە زۆر ژیرانە و بەسەلیقانەوە هاتووە ماتیریالیزمی دایلێکتیی نووسیوە و تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتووبووە لەم بوارەدا... بەڵام ئەم کارە فەلسەفیی وزانستییەی مارکس .. شتێکی حەتمییە وەکو هەر

زانستێکی تر دەکەوێتە کێشەوە و لەگەڵ زانستیی نوێدا بەیەکدا هەڵدەشاخێن.... ئەمرۆ ئەو کۆنسێپتانەی مارکس لەو نامیلەکەیەدا باسی دەکات ، ئاسمان و ڕێسمانی جیاوازە لەگەڵ زانستی فیزیک و زانستە سروشتییەکاندا... فیزیک و زانستی ئەمرۆ لەوە زیاتر عەقڵی بڕناکات کە تەمەنی بوون و گەردوون لەنێوان 12-15 بیلیۆن ساڵی زەوی ( 365 ) ڕۆژ زیاتر دابنێ،ئەو گۆترەکارییەی مارکس کردوویەتی سەبارەت بە ماددەو سەرەتای ماددە و دۆخەکانی چیتر کەڵکی نەماوەو لەگەڵ زانستی نوێدا بڕ ناکات. ئەوەش بەپێویست دەزانم بیڵێم ، ماتیریالیزم یەکێکە لە ترادیسۆنی فەلسەفەی کۆنی ڕۆژئاواو لەسەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایینەوە لەسەر دەستی سکۆلارەکانی پێش سۆکراتەوە هاتووەتە ژیانەوە وکارل مارکسیش یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە ڕۆڵی خۆی لەگەشەپێدانی ئەم فەلسەفەیەدا بینیوە.

**دەنگەکان:** ئەوەی لە سۆڤییەت و وولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەلات ڕوی دا ، هەرەسی ڕژێمە عەسکەرتاریەکان بوو ، بەلاّم لە بەر هەر هۆیەك بووبێ لە باری مێژوویەوە تا ئەمڕۆش ، ئەم هەرەسە کراوەتە ئۆباڵێکی گەورە ، بە سەرمارکس و مارکسیزمدا ، بەڕای ئێوە ئەمەی ڕووی دا ، هەرەسی چی بوو ؟

خەتاب سابیر :

تا ڕادەیەک لەگەڵتام ، هەرەسی ڕژێمە عەسکەرتارییەکان بوو، بەڵام هاوکاتیش هەرەسی بونیادێکی ڕزیو پڕ لەفەسادی سیاسیی و ئیداریش بوو، هەرەسی دەوڵەتی ئایدۆلۆژیا بوو، هەرەسی یۆتۆپیای سیستەمێک بوو کە مارکسیزم و لینینیزم ، ڕێگایان بۆخۆشکرد، من پێم وایە ڤلادیمێر لێنین نەک هەر کەمتەرخەم بووە لەدوورنەخستنەوەی دیکتاتۆرێکی وەکو جۆزێف ستالیندا ، بەڵکو تا ڕادەی تاوانباریی ، تاوانباریشە بەرامبەر بە مێژوو کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەهۆی کەمتەرخەمیی ئەوەوە ڕادەستی ستالین کرا . بەهەمان شێوەش بلیمەتێکی وەکو لیۆن ترۆتسکیی نەیتوانیوە لەکاتی پێویستدا و لەکاتی گونجاودا ، ببێ بەدەنگێکی دلێر و بووەستێتەوە لەبەرامبەر ستالیندا .کەسیش ناتوانێ پێش بینی ئەوە بکات ئەگەر لێنین زوو نەمردایەو دواتر ترۆتسکیی سەرکردایەتی شۆڕش و وڵاتی بگرتایەتە دەست چی دەگوزەرا...بۆی هەیە ڕەوڕەوەی مێژوو بەلایەکی تردا بڕۆیشتایەو دنیا لەئاستێکی تردا بووایە .

**دەنگەکان:** لەڕۆژگاری ئەمڕۆ دا ، ئێوە چۆن دەڕواننەچەمکەکانی : - دیکتاتۆری پرۆلیتارییا، کۆمۆنیزم ؟

**خەتاب سابیر** :

ئێمە ئێستا لە هەزارەی سێیەمدا دەژین، مرۆڤی ئەمرۆ ، ژیانی ئەمرۆ ، چیتر دیکتاتۆریی هەڵناگرێ، بەتایبەت بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا.... لە گشت جیهاندا سەردەمی گۆڕانی دیکتاتۆرەکانە ، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ، حکومەتی کرێکاری، دەوڵەتی سۆشیالیستیی ، پێش ئەوەی کۆمەڵێ خەون و خەیاڵی کۆمەڵی مارکسیستی ڕادیکاڵ ( مەبەستم لە مارکسیستە توندڕۆکانە ) بن ، یۆتۆپیاییەکی سیاسیی سکرابە و دەمێکە مرۆڤایەتی شانی خۆی داماڵیوە لەژێر موسیبەتەکانی ئەم جۆرە بیرکردنەوە ئەفسووناوییانەدا . کۆمۆنیزمیش وەکو سیستەمێکی ئەبستراکت ، لەدوای کۆتایی شەڕی ساردەوە تەرایی لەخۆی بریوەو بەشێوەی فۆرمێکی سیاسیی ناتوانێت تێکەڵی نارەزایەتییەکانی مرۆڤایەتی ببێتەوە. سەیری خۆپیشاندانە مەزنەکەی سیاتڵی ئەمێریکا بکە، سەیری خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی دژی شەڕ بکە، لەسەراسەری دنیادا، چەپ بوونی هەبوو زیاتر ،تا کۆمۆنیزم، سۆشیال دیموکراتەکان ڕۆڵیان زیاتر

بوو تا گرووپە مارکسیی و کۆمۆنیستییەکان ، لەباری چەندایەتیی و چۆنایەتیشەوە، ئەوە جگە لە سەوزەکان و ناوەندەکانی داکۆکی لەمافی مرۆڤ و کڵێساکان و .....هتد کە ژمارەیەکی زۆریان بەشدارییان تێدا کرد .

**دەنگەکان :** دەوری مارکسیزم لەسەر چەپی کورد لە رابردوو ئێستادا چۆن دەبینن ؟

**خەتاب سابیر :**

ئەم پرسیارە لای من کرۆکی گشت باسەکە دەگرێتەوە ، مارکسیزم نەک لەسەر چەپی کورد، لەسەر تەواوی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی دنیا ، رۆڵی کارای هەبووە، بەتایبەت لە ئەمێریکای لاتینداو لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا. لە ئەفریکا، لە ئێران ، لە تورکیا ، فەلەستین ، وڵاتانی ئاسیا ، داینەمۆی زۆربەی هەرە زۆری شۆڕشەکان بووە. مارکس وەکو خودی خۆیشی مەزنترین مرۆڤە کە مرۆڤایەتیی لە مێژووی نوێدا بەخۆیەوە دیبێتی، جێگای رێزێکی زۆرە لەناوەندە رۆشنبیریی و ئەکادیمییەکاندا....هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئابوریی لەرووی مێژووییەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ کاپیتالی مارکس کەموکوڕیی سیاسیی و زانستی پێوە دەبێ !

مارکسیزم و کارتێکردنی ئەم بیرە لەسەر چەپی کورد لە لەکوردستاندا زۆر درەنگ وەخت بوو ، بەداخەوە بەهۆی هەژموونی باڵی راستی ناو بزوتنەوەی نیشتمانیی کورد، کە خۆی لە مەلا موستەفای بارزانییدا دەبینییەوە لەمپەرێکی گەورە بوو لە ئاست بیروبۆچوونی چەپدا . ئەم بیرە درەنگ هاتە ناو بزوتنەوەی سیاسیی کوردەوە، دیارە حیزبی شیوعیی عێراق لە بە ئەهریمەنکردنی کۆمۆنیزم و مارکسیزم لەلای چینە جیاوازەکانی گەلی کوردستان رۆڵێکی زۆر خراپی بینی ،کاتێک هاوپەیمانیی بەعس بوو .

بەڵام دوای ئاشبەتاڵ و بەدیاریکراویش خاڵە شەهاب و ئارامی نەمر رۆڵێکی زۆر ئازایانەو شۆڕشگێڕانەیان بینی لە ناساندنی مارکسیزم بە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان. کۆمەڵەی رەنجدەران بەرهەمی فیکری مارکسیزم و چەپ بوو، بەهەزاران گەنج تەرەقەی سووریان لەسەر کاسکێتەکانیان دەکێشاو بەگژ مەلەکوتی بەعسدا دەچوونەوە، بە ئەفسووسەوە ئەم بەرە بەهێزەی چەپی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات و کوردستانی باشووریش تووشی شکست بوو لەسەر دەستی باڵی راست ، هەروەکو ئەوەی کۆمەڵە کرا بەهەوێنی رێکخراوێکی سیاسیی راسترۆ وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وکرایە دەسمایەی کەسانی راستیی ناو ئەو رێکخراوە سیاسییە .

ئەگەر قسە لەسەر چەپە ، چەپبوون لە ناو خێزانێکەوە هەیە تا گوندێک و تا شارێک و تا شارەوانی و تا دەوڵەتێک و رێکخراوێکی نێونەتەوەییش، کۆڵن پاوڵ چەپی ناو ئیدارەکەی جۆرج دەبلیو بۆش بوو، بیل کلنتۆن چەپ بوو لەبەرامبەر کۆمارییەکاندا، مام جەلال چەپە لەبەرامبەر مەسعود بارزانیدا، جەوهەر نامق سالم چەپە لە بەرامبەر فازڵ میرانیدا ، عیماد ئەحمەدیش چەپە لە هەمبەر فوئاد مەعسومدا. بۆیە چەپ و چەپبوون ،راڤەکردنی زۆریی هەیە و سەرئێشەیەکی زۆریشی لێدەکەوێتەوە لەمیتۆدە جیاوازەکانییەوە.

وەکو ئەدۆنیس دەڵێ " مرۆڤ لە میتۆد گەورەترە، هەروەها فراوانترو دەوڵەمەندتریشە" ، لە هەمان نووسیندا * دەڵێ ئەگەر لەواقیعدا یەک ڕاستیی ببینین و بەزۆر بیسەپێنین بەسەر هەمووانداا ، لێرەدا بەس واقیع و ڕاستیی ناشێوێنرێ

، بەڵکو خودی مرۆڤیش دەشێوێنرێ . میتۆدی فیکریی بۆ چەپ و بزوتنەوەی چەپ لە مەوداکانی ئایدۆلۆژیا کەڵەگەتترە. لاوازیی چەپی کوردیش لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات، یان درەنگ بەدەردی کۆمەڵی کوردستان ئاشنا دەبێت ، یان خۆی ناکات بەخاوەنی ستەمێک کە لەسەر نەتەوەی کورد بەگشتی هەیە و لەواقیعی کوردستانیشدا یەک ڕاستیی دەبینێت و بەزۆرو تۆبزییش دەیەوێ بیسەپێنێ بەسەر گەلی کورددا . ئەمڕۆ لەهەموو دنیادا سەرەڕای هێرشی میکانیکیی گلۆبلێزەیشن بۆ هەموو کونجێکی ئەم هەسارەیە، کەچیی هێشتا مرۆڤەکان بە ویساڵەوە پابەندبوونی خۆیان بەناسنامەوە Identity تووندتر لەجاران دەست پێوەدەگرن.

ئێمەی چەپی کورد خۆمان لەم ویقارە سیاسییە هەستیارە دەدزینەوە و لە بیریی داخراوی خۆماندا تەشوێکاری دەکەین و خێرێکیشمان بۆ گەلەکەمان نابێت . من چەپی کورد بەشێوەیەکی گشتی بەچەپێکی ترسنۆک و شەرمنۆک و دووڕوو، تەنانەت سەر چەوتیش دەبینمەوە، ئەمە دیرۆکی سیاسیی ڕۆژگارێکی خۆشمە ، ئالوودە بووبووم بە هەراو هوریاو شاکەشاکەوە ، چەپی کوردیی ، چەپێکی بەیاننامەیییە،چەپێکی سەر کاغەزو کەرەسەی دەمی پێنووسە ، چەپێکی بێ کاروکاسبییەو کەس لێی ڕانابینێی کارێکی پێ بدا...ئێمە تا بەخۆماندا نەچینەوە و نەخۆشییە سیاسییەکانی خۆمان چارەسەرنەکەین و لەدرووشمی ناو بەیاننامەوە نەچینە ناو هەناوی خەڵکەوە داڵدەیەکیشمان پێ ڕەوا نابنرێت.

گەلی کورد ، چ دڵێکی بەو چەپە سەرگەردان و مەشبووهە خۆشبێت، دێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لەڕوانگەی ئینسانییەوە! نامەی کرۆزانەوە بۆ کۆفی ئەنان دەنێرێ و دەڵێ ، ئەگەر فریای عەرەبە تەعریبەکان نەکەون، کوردەکانی کەرکوک ورگی عەرەبەکان هەڵدەدڕن و دەیانخۆن !، لەکاتێکیشدا سەدان کورد بەدەستی ئیسلامییەکان و بەعسییەکان و نەتەوەپەرستەکانی عەرەب لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا سەربڕدراون ، ئەم چەپە و ئەم مۆدیلە ناشیرینەی کۆمۆنیزم نقە لەبەردەوە هاتبێ لەوەوە نەهاتووە و بەیەک ڕستەش باسی نەکردووە، ئاخر ئەگەر کورد ، کارمامزیش بووایە، دەبووایە ئەو چەپە هیچ کارەیە ، دژایەتی ئەو ڕاوکردنەی سەدان کارمامزی بکردایە و لوتفێکی بنواندایە. کە هەرگیز ناشیکات .

تۆ بڕوانەلەهەموو کوردستاندا ،تەنها ئەم چەپەیە ، بۆ بەعسییەکان و تەعریبەکانی کەرکوک ، لەخۆی دەدات و خۆی دەرنێتەوە و دەڵێ نابێ بگەڕێنردرێنەوە جێگای خۆیان، ڕۆمانسییانە ، دەڵێن وەی منداڵەکانیان گوناهە، ژنەکانیان گوناهە ،تاوانیان چییە، ئەوانە بەزۆر ! هێنراون، بەپارە خەڵەتێنراون ، چۆن دەبێ دەربکرێن، کەرکوک بەشی دەملیۆن مرۆڤ جێگاو ڕێگای هەیە، ژێرخانی ئابووریی هەیە، ڕاهاتوونە لەوێ، گەورەبوونە لەوێ، چاویان بەکەرکوک پووشکاوە ، زەواجیان کردووە لەکەرکوکدا ، نەوەیان لێکەوتووەتەوە، دراوسێی بێ وەی کوردبوونە،کارو ژیانیان لەکەرکوکە،تاوانە دەربکرێن ، دژی ئینسانییە! بگەڕێندرێنەوە!.

ئەوە قەت ناچێ بە مێشکی ئەم جۆرە چەپەدا ، باشە بۆ لە بیلیۆن ، بیلیۆن دۆلاری نەوتی عێراق ، ئەو تەعریبانە لەناوچەکانی پێشووی خۆیان باشترین ڤێلایان بۆ دروست ناکەن و ئەم گەڕەش لەکۆڵ گەلی کورد ناکەنەوە، بۆ ئەم چەپە ئەو چاکەیەش ناکەن و بڵێن ، ئێوە تووی دووبەرەکیی و ئاژاوە دەنێنەوەو ڕای گشتی کورد ئێوە قبووڵ

ناکات،وەرن منیش چەند نووشتە بەیاننامەیەکتان بۆ دەنووسم و داوا لەدەوڵەتی عێراق بکەن و بڵێن زیانەکانمان بۆ ببژێرن ، دەڕۆینەوەو گەڕیش لە کورد دەکەینەوە.

ئاخر ئەم جۆرە چەپە لە جینۆساید تێناگەن، لە پاکتاوی نەژادیی و سامناکیی شەڕی ئیتنیکیی تێناگەن، ئەگینا چۆن بەئاسانیی بوونەتە پارێزەری سەددام و عەلی کیمیاویی و ناهێڵن خەونەکانی پانعەرەبیی بەعس بەبادا بچێ ، ناهێڵن ئەو خەون و خەیاڵاتەی کە شیعەکان هەیانە بڕەوێتەوە ، کە سەددام سەدان هەزار عەرەبی تەعریبی هێناوەتە ناوچەی کوردستانەوە،ئێستا خێرێکی گەورەی هەیە بۆ شیعەکان ئاوا غەزووی ناوچەکانی تر بکەن و ویلایەتی فەقیهی پانوپۆرتر بکەن ،تەعریبی کەرکوک بەدڵی شیعەیەو بەدەستی ئەویش نەکراوە....لێرەدایە ئەم جۆرە چەپە لەگەڵ سیستانیی و میشیل عەفلەقدا دانوولەی یەک مەنجەڵ دەخۆن .

ئەم جۆرە چەپە ئەپستیمی سیاسیی هەیە، بۆشاییەکی سایکۆلۆژیی توونددهەناوی داگرتووە،چەپی قسەو دەنگەدەنگە،چەپێکە یاری بەسیاسەت دەکات و سیاسەتیش یاریی بەو دەکات... چەپێکە لە قەیرانێکی خۆخواردنەوەی شێنەییدایە و خۆی بێ ناسنامەیە ، خۆیان نەبێ کەس گوێیان لێ ناگرێت، کەس شتیان ناخوێنێتەوە، کەسیش بەربەی ئەوان شت ناپێوێ و دنیایەکی دابڕاو ، گۆشەگیر،خزیو لەقوژبنیان بۆ خۆیان چێکردووەو چاوەڕێی ڕوودانی ئەفسانەی سینایۆ شین و مۆر و ڕەش و سپین . سەرەڕای پەرتوبڵاوی چەپ لە کوردستاندا ، چەپ بەشێوەیەکی گشتیی پرۆژەیەکی سیاسیی و ئەڵتەرناتیڤی سیاسیی پێ نییە بۆ چارەسەریی کێشەی نەتەوەی کورد و هەریەکەو لەئاوازێکیش دەخوێنێت . لەکاتێکدا سووتەمەنی زۆربەی شۆڕشەکان چەپەکان بوونەو زۆرترین قوربانییان داوە لەکوردستاندا و بەتایبەت لەزیندانەکانی بەعسدا .

## سەرچاوەکان:


* ادونيس/كلام البدايات/ دار الاداب،بيروت 1989

***VALUE, PRICE, AND PROFIT (Abridged): An Introduction to the Theory of Capitalism**

**By Karl Marx (1865)**
**Edited by his daughter Eleanor Marx Aveling, abridged by Paul Zarembka**

* **the Communist Manifesto , by Karl Mark and Fredrick Engels**


---

### تێبینییەک لەلایەن نووسەرەوە :

لەسەرەتادا ، حەزم نەکرد ، وەڵامی پرسیارەکانی دەنگەکان بدەمەوە ، لەبەر نەپەرژانە سەریی بەپێی پێویست ، دەستخۆشیم لە کاک گۆران کرد بۆ پرسیارکردنی کۆمەڵێ پرسیاری وروژێنەر و خاوەن بەهای سیاسیی بۆ هەر کەسێک ڕۆژێک لەڕۆژان دڵی بۆ مارکسیزم و چەپ و پێشکەوتووخوازیی لێی دابێت . دواتر هاتمە سەر ئەو قەناعەتەی

بەکورتیش بێت وەڵامی بدەمەوە تا بەشداریی بکەم لە کۆمەڵێ کۆنسێپتی نوێ لەوەڵامی جیاواز جیاوازی نووسەران و ڕوناکبیرانی کورددا لەمەڕ بزوتنەوەی چەپ بەگشتی و مارکسیزم بەشێوەیەکی تایبەتمەندتر.